هو اللطیف

بابەت : چاو خشاندنێکی کورت لە سەر کەسایەتی و شێعرەکانی میرزا ئەحمەدی داواشی

نووسەر : حوسەین موحەممەدی

کۆنفرانسی نەتەوەیی میرزا ئەحمەدی داواشی

1402/12/1

کورتەی وتاری :

میرزا ئەحمەدی داواشی کوڕی موحەممەد لە سالّی هەزار و دوسەد و هەشتای هەتاوی لە ڕوانسەر هاتوەتە دنیا . ئەم هۆنەرە خاوەنی بەرهەمێکی ئەدەبی زۆر بەر بەڵاوە کە بە ڕاستی وەکوو مامۆستای قوتابخانە هەڵبەستەکانی بۆ کۆمەڵ زۆر ڕاهێنەر و بە کەڵکە، لە گەڵ زۆربەی شاعێران و ئەدیبانی هاوچەرخی پەیوەندی گەرم و گوڕی بووە وە بۆ یەکتر نامەیان بە شێعر نووساوە دیوانەکەی وەکوو باخێکی ڕازاوەیە کە لە هەموو گوڵێکی خوش عەتر و بۆی تێدایە کە جوانی پاراوی بە هۆنڕاوەکانی دەبەخشێت. شاعێر لە بووارەکانی ئەدەبی، ئەخلاقی، خواناسی، وەسفی پێغەمبەر ئازیز حەزرەتی موحەممەد، مۆچیاری و حیکمەت، مێژوو، وەسفی سروشت و دیمەنەکانی، کۆمەڵایەتی، عیرفان، مەتەڵ و تەنز و ... باسی کردوە وە لە شێعرەکانیدا هەموو جۆر ئارایەکانی لەفزی و مەعنەوی بە باشترین شێوە هێناوە. بڕێ لە بەرهەمەکانی بەشێوەی چیرۆکە شیعر وتووە کە جوانی بە ئەو بەرهەمەی بەخشاوە کە بریتین لە: سەنگ تراش و حەزرەتی موسا، تۆبەی گورگ، حەجی مام ڕێوی، جەنگ نامەی هەڵاڵە زەرد، قەڵای ڕۆخاو دیهاتی و شاری رخنە لە هەڵبژاردنی نوێنەر لە زەمانی تاغوت دا، شینگێڕی سەردارانی کورد. وە بیرەوری یەک ڕۆژ سێزدە بەدەر لە تاقۆسانی کرماشان. شاعێر لە سالّی هەزار و سێ سەد و پەنجا و نۆ کۆچی دوایی کرد وە لە مەرقەدی پیرۆزی ویس القرن بە خاک سپێردراوە.

کلیلّە وشە :

ڕوانسەر، هۆنەر، ڕاهێنەر، شاعێرانی هاوچەرخ، بەر بەڵاو، کۆچی دوایی

چکیده:

میرزا احمد داواشی فرزند محمد در سال هزار و دویست و هشتاد شمسی در شهر روانسر به دنیا آمد. این شاعر نویسنده‌ی دیوانی که در حقیقت مانند معلمی در مدرسه جامعه‌ی خود را با سروده‌هایش راهنمایی می‌نماید. وی با اکثر شاعران هم‌عصر خویش ارتباط نزدیک داشته و برای یکدیگر نامه‌ها نوشته‌اند. دیوان اشعارش مانند باغی زیبا و آراسته با گل‌های خوش‌رنگ و بو است که طراوت عجیبی به اشعار ایشان داده است. شاعر در زمینه‌های ادبی، اخلاقی، توحید و نبوت، پند و حکمت، تاریخ، وصف طبیعت، موضوعات اجتماعی، عرفانی، معما و طنز داد سخن داده و در اشعارش از آریه‌های زیبای لفظی و معنوی به نحو احسن استفاده نموده و بعضی از مطالب را به شیوه‌ی داستان‌های منظوم سروده است که زیبایی دوچندانی به آثار ایشان داده است که عبارتند از: منظومه‌ی سنگ‌تراش و حضرت موسی، توبه‌ی گرگ، حج روباه، جنگ نامه هه‌لاله زرد، قلعه‌ی مخروبه، دهاتی و شهری نقدی بر انتخابات عهد طاغوت، مرثیه‌ی سرداران کُرد، مرگ شاهین و خاطره‌ی یک روز سیزده‌بدر در طاق‌بستان کرمانشاه. شاعر در سال هزار و سیصد و پنجاه‌ونه چشم از جهان فروبست و در جوار مرقد مبارک ویس‌القرن به خاک سپرده شده است.

کلید واژه :

روانسر، شاعر، دیوان اشعار، هم عصر، گل های خوشبو، طراوت

Abstract:

Mirza Ahmad Dawashi, son of Muhammad, was born in the year 1280 in the city of Ravansar. This poet is a divan writer who guides his society with his poems like a school teacher. He had a close relationship with most of his contemporary poets and wrote letters to each other. The divan of his poems is like a beautiful and decorated garden with colorful and fragrant flowers, which has given a strange freshness to his poems. The poet spoke in the fields of literature, ethics, monotheism and prophecy, advice and wisdom, history, description of nature, social, mystical, riddles and humor, and he used beautiful verbal and spiritual arias in his poems. He wrote the content in the style of verse stories Mirza Ahmad Dawashi, son of Muhammad, was born in the year 1280 in the city of Ravansar. This poet is a divan writer who guides his society with his poems like a school teacher. He had a close relationship with most of his contemporary poets and wrote letters to each other. The divan of his poems is like a beautiful and decorated garden with colorful and fragrant flowers, which has given a strange freshness to his poems. The poet spoke in the fields of literature, ethics, monotheism and prophecy, advice and wisdom, history, description of nature, social, mystical, riddles and humor, and he used beautiful verbal and spiritual arias in his poems. He wrote the content in the style of verse stories.

Key word :

Ravanser, poet, divan of poems, contemporaries, fragrant flowers, freshness

سەرەتا :

چاو خشاندنێکی کورت لەسەر کەسایەتی و شێعرەکانی باوکم میرزا ئەحمەدی داواشی . میرزا ئەحمەدی داواشی کوڕی ئەجمەدی داواشی کوڕی موحەممەد لە ساڵی هەزار و دوسەد و هەشتای هەتاوی لە شاری ڕوانسەر هاتوەتە دنیا لە بنەماڵەی هۆزی بەناو بانگ جافی جوانڕۆ بە ناوی موحەممەد یارک و لە بناغەدا ئەسڵ و نەسەبی دەڕواتە سەر بنەماڵەی کەریم خانی زەند.

شاعێر ژیانی بە کشت و کاڵ و باخداری ئەدایەسەر شێعرەکانی بریتین لە بابەتانی: کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، مۆچیاری، مێژوویی، سروشت، خۆشەویستی و پەند و حیکمەت و ... لە ساڵی هەزار و سێ سەد و پەنجا و نۆ کۆچی دوایی کرد.

بـــه نـــاوی خـــودای تـــاک و بـــێ وێنـــه
وا نادیـــــاره و لـــــه هـــــەموو شـــــوێنه

ســـەڵوات و ســـەلام بـــێ حـــەد تـــا ئەبـــەد
پێشـــکەش بـــه ڕۆحـــی پـــاکی موحەممـــەد

یـــا خـــوا بـــه خێـــر بـــێن قـــەدەمتان ســـەر چـــاو
بـــــراو خوشـــــکانی ڕۆمـــــەت وەک هـــــەتاو

سپاســـتان دەکـــەم بـــه جـــوانی و باشـــی
هـــاتوون بـــۆ ڕێـــزی ئەحمـــەد داواشـــی

خوایـــه هـــەر کەســـێ بـــۆ فەرهـــەنگ و دیـــن
بـــۆ بـــەرزی گـــەل و پـــاکی ســـەرزەمین

ئەجۆشـــــێ وێنـــــەی ڕووبـــــاری بـــــەهار
پێـــی خۆشـــه وەتـــەن ڕووی بـــێ بـــه گـــوڵزار

خوایه لە ڕەحمـەت خـۆت مەیکـە بـێ بـەش
هەر ڕوو سووری کـە وەک گوڵاڵـەی گـەش

کوردســـتان دێســـان ســـەر بـــەرزە و ڕەنگـــین
ئەدرەوشـــــێ وێنـــــەی ئەســـــتێرەی بـــــەتین

عـــــەتری گـــــوڵزاری زانســـــت و هونـــــەر
ســـــنەی سەراســـــەر کـــــردوە موعەتـــــەر

زانســـتگای کورســـان وەجیلـــوەی پـــڕ نـــوور
مێوانـــــدار کـــــۆڕی ئەدەبـــــە و شـــــعوور

زانایـــــان وێنـــــەی پەروانـــــە پـــــەی شـــــەم
دەور ئەدەن لە دەور شـەم لـە حەڵقـەی جـەم

بـــه یـــادی «ئەحمـــەد» دوڕدانـــەی شـــەهوار
کـــــۆڕی زانســـــتیان کـــــردوە بەرقـــــەرار

بـــەهار کوردســـتان لـــه عەشـــق گـــوڵی ســـوور
دەشـــت و کۆســـاری پـــڕ بـــووە لـــه نـــوور

دیمـــــەن «ئاویـــــەر» جوانـــــە وەک جـــــاران
جـــــاران و یـــــاران کـــــاتی بـــــەهاران

«ئاویـــەر» «ســـەخناح»«ماماتکـــه»و «مەســـناو»
لـــه شـــادی ئـــەڕژێ فرمێســـکیان لـــه چـــاو

«ئامانیـــه»و «قارێـــت» لـــه گـــەڵ «گریاشـــان»
هـــەر کـــام خـــەرمانێ گوڵیـــان وا لـــه شـــان

بوڵبـــوڵ لـــه ســـەر چـــڵ هـــەر بەشـــەوقی گـــوڵ
غـــەزەڵ خوانیشـــەن بـــه دڵـــەی پـــڕ کـــوڵ

وێنـــــەی بەهەشـــــتە ئـــــەم کوردســـــتانە
مـــــاوای ئـــــەدەب و عـــــیلم و ئیمانـــــە

مامۆستا «مەردۆخ» نابغەی عیرفان
هۆی شانازیە بۆ گەل نیشتمان

علامەی ئەعلای بێ نەزیرێ بوو
لە مەیخانەی عەشق پیر ژیرێ بوو

سەیید عەلی ئەسغەر مامۆستای دەنگ خوەش
دڵ شاری بە سەوت جوانی کردوە گەش

هەر ئان سەر بەرزە نیشتمانی جوان
هەر گۆشەی پڕە لە دوڕ و مەرجان

بە خامەی «ئەحمەد» خاوەن دەست و بورد
زیاد بوو بەرگێ زێڕ بە فەرهەنگی کورد

به ناوی خودای مەرن

چاو خشاندنێکی کورت لە سەر کەسایەتی و شێعرەکانی خوالێخوشبووی باوکم میرزا ئەحمەدی داواشی.

برایان و خۆشکانی بەڕێز، ئامادە بووانی هێژا و خۆشەویست پاش عەرزی سڵاو و خێر هاتن بە ئەرکی سەرشانی خۆم دەزانم کە بە تێکرا لە هەموو بەڕێوەبەرانی کونگرەی نەتەوەیی میرزا ئەحمەد داواشی لە لایەن خۆم بنە ماڵەی فەرهەنگی ئەو زانیارە ڕێز و سپاس و قەدرزانی و دەس خۆشیتان پێشکەش بکەم وە لە خودای میری مەزن بەختەوەری و سەربەرزیتان ئاواتە خوازم. بە ڕاستی بۆ ئێمە هۆی گەلێ شانازی و خۆشحاڵیە کە ئەبینین ئەمڕۆ لە لایەن مامۆستایانی ڕووناک بیری زانستگای کوردستان لە شاری سنە کۆڕی ڕێز لێگرتن لە کەسایەتی و بەرهەمەکانی باوکم بە شێوەی زۆر جوان و شایستە بەڕێوە دەچێت . جا هەر بەم بۆنەوە دەمەوێ بە ئیزنی خودای گەورە کورتە باسێک لە سەر کەسایەتی و ژیان و شێعرە کانی ئاراستەی حوزورتان بکەم.

میرزا ئەحمەد کوڕی داواشی موحەممەد لە ساڵی هەزار و دووسەد و هەشتای هەتاوی لە شاری ڕوانسەر سەر بە پارێزگای کرماشان هاتوەتە دنیا. هەر وەها کە خۆی لە ێیشەکی دیوانە کەیدا وتوویەتی :

تەولـــد ویـــم بـــێ کـــەم و کـــەسری هـەزار و سـێ سـە د بیسـت و سـێی هیجـری

دووشـــەممە و دوازدەی ذالقعـــدە بـــەوەخت لـــە ڕوانسەر بووگـــم وە زمســـانێ ســـەخت

ئەم هۆنەرە لە بنەماڵەی هۆزی بە ناو بانگی جافی جوانڕۆیە بە ناوی موحەممەد یارک، کە بە مێژوو دووسەد و پەنجا ساڵ لەمەو پێش لە گوندی سووریدەر لە بەشی خۆر هەڵاتی شاری جوانڕۆ ژیانیان بردوەتە سەر، ئەڵبەت بە گوێرەی فەرمایشی باوکم کە لە بناغەدا ئەم هۆزە دەچنەوە سەر نەسڵ و بنەماڵەی کەریم خانی زەند کە کۆمەڵێ لەو قەبیلە لە کوردستانی عێراق نیشتەجین. میرزا ئەحمەدی داواشی لە گەڵ خورشید نمای خۆشکی کە یەکێ لە ژنانی شاعیرەی ئەو سەردەمەی لە خزمەت داواشی موحەممەدی باوکیان خوێندن و نووسین فێر دەبن. پاشان بۆ کەسبی زانستی دینی

دەڕواتە خزمەت مەلا حەسەنی جوانڕۆیی لە گوندی تەم تەم سەر بە شاری روانسەر وە لەوێ دەبێتە هاو دەرسی شێخەکانی تەم تەم. پاش ماوەیە وانە و مەکتەب دەرس دووهەمین مامۆستای دەبێ بە مامۆستا مارف کە لە لای ئەویش کەسبی زانست و فێر بوون دەکات تا ئەو سەردەمەی سپای داگیرکەری ڕەزاشا هێرش دەکا بۆ ناوچەکە و میرزا ئەحمەدیش لە گەڵ باوکی لە خەباتی گەلی کورد دژ بە حکوومەتی ڕەزاشا بەشداری دەکا و جەنگ نامەی هەڵاڵەزەرد دەنووسێ کە وەکوو هەواڵدە ڕێک ئەوخەباتەمان بۆ دەگێڕێتەوە. میرزا ئەحمەدی داواشی بەهۆی هۆش و زەکاوەتی زۆرەوە لە لایەن غوڵام عەلی خانی ئەردەڵان سەر پەرشتی بەشێ لە مەحاڵ و گوندەکانی شاری ڕوانسەری پێ دەسپێرێت کە ئەو ئەرکە گرنگە بە چاکی و لێهاتوویی ئەنجام ئەدات. ئەو لە ساڵانی دوایی ژیان گوندە جوانەکەی «کانی خێران» لە بناری شاهۆ بۆ دانیشتن هەڵدەبژێری و هەتا دوا ڕۆژی کۆچی دوایی هەر لە وێ نیشتە جێ دەبێت. ژیانی بە فەلایی و باخداری ئەدایە سەر، هۆگری بە خوێندنی قورئانی پیرۆز زور بوو، سواری و تیرها ویشتن و مەلە وانی بە چاک دەزانی. هێزو توانای لەشی بەڕادیەک بوو کەمیوەی داری بەیی بە هێزی پەنجەیەک لەت دەکرد. بە منداڵی بە پێچەوانەی سروشتی منداڵانی دیکە ماوەی هەژدە مانگ لە سکی دایکی ماوەتەوە.

کە خۆی لە شێعریکدا بە ئەو جیاوازیە ئاماژە دەکات:

هەژدە مانگ تەواو بە ئەمر داوەر　　مەندە بیم چون دوڕ لە بەتن مادەر

خاڵێکی دیکە کە شایانی باسە ئەوەیە کە میرزا ئەحمەد ڕۆژی کۆچی دوایی خۆی بە پێی ژمارەی ساڵ و مانگ و ڕۆژ پێش بینی کردوە کە لە هەوڵی وەرزی خەزانی ساڵی هەزار و سێ سەد و پەنجا و نۆ لە دنیا دەرچوو وە بە هۆی وەسیەتی خۆی لە زیارەتەڵانی ویس القرن بە خاک سپێڕاوە.

قطب العارفین مامۆستا شیخ موحەممەد سەعید نەقشبەندی بۆ کۆچی دوایی میرزا ئەحمەدی داواشی چەن شێعرێکی داناوە کە سێ بەیت لەو هۆنراوە پێشکەش دەکەین:

کـاکی عـەزیزم کاکـە «ئەحمـەد» گیـان　　شـــاعیر ئـــەدیب دانـــای پـــڕ عرفـــان

نوکتـــە زانـــی ڕۆژ فـــەردی زەمانـــە　　محبـــوب القلـــوب خـــوێش و بێگانـــە

ڕۆژی سی و یەکی بورجی شەشەم بـوو　　ســاڵی پــەنجاو نــۆ لــە دنیــا دەرچــوو

وە هەروەها خوالێخۆشبوو ماموستا سەیید تاهێری هاشمی بۆ کۆچی دوایی هۆنەر ئەڵێ:

هیجرانت نە تەرح تۆف هەوای سەرد　　ڕەونەقش لـــە ڕووی نۆ گـــوڵاڵان بەرد

فەسڵ نۆ پاییز وادەی مەینەت وەخت　　دووریت شەند لە دڵ یاران زام سەخت

میرزا ئەحمەدی داواشی شێعرەکانی بە خەڵات و بەشێ دەزانێ کە لە عالەمی باڵاوە بە هۆی خەوێک کە لە ئەشکەوتی «مەڕکەیوانۆ» لە شاهۆ بۆی پێش هاتوە کە بەیانی لەم کورتە باسەدا ناگونجێ. هۆنەر لە جوان خاسی و دەنگ خۆشیدا بە ناو بانگ بووە. لە سەر تەواوی ئاهەنگ موسیقای ڕەسەنی کوردی شارەزابوو.

سەرجەمی هۆنراوەکانی هەر لە سەر دەمی لاویەتی هەتا دوا ڕۆژی ژیانی لە بەر بوو. شاعیرێکی فی البداهە وێژ و تێژ و ڵام بوو، سەبارەت بە هەر باس و بابەتێ دەیان هۆنراوەی پاراو و پڕ مەعنای بەیان دەکرد. لە گەڵ زانایان و ئەدیبانی هاوچەرخی ژیانی پەیوەندی و دۆسایەتی گەرم و گوڕی هەبوو کە جارجار بە شێعر و هەڵبەستی جوان بۆ یەکتر نامەیان دەنووسا.

لە گەڵ عارفی پایەبەرز شێخ نصرالدین خالصی لە شاری پاوە دۆسایەتی و پەیوەندی زۆری بوو هێندێ لە بەرهەمەنی میرزا ئەحمەدی داواشی لە لایەن ئیدارەی ڕۆشنبیری هەولێر بە کۆشش کاک فەریدوون جوانڕۆیی لە چاپ درا بەڵام بە

هۆی هەڵەی چاپی زۆرەوە ئەو کتێبەمان بڵاو نەکردەوە. گوڵچینێ لە شێعرەکانی لە لایەن کاک حبیب الە کەریمی مامۆستای قوتابخانەکانی ڕوانسەر چاپ و بڵاو کرایەوە کە ڕەزایەتی خەڵکی ناوچەکەی لە سەر بوو. جارێکیش ئەم دیوانە بەخەتی مۆستا محی الدین صالحی نوسرا کە بە داخەوە بەدەستی نوێنەری ئەو سەردەمە مەلا ئەوڕەحمان ڕەحیمی سەرنوقم بوو.

ئەڵبەت ئەم کارەساتە بوو بە هۆی ئەوە کە چەن ساڵێ لە چاپی دیوانەکە ئێمەی بە دوور خستەوە. پاش ئەو هەموو کۆسپ و ئاسپەنگ و تەنگوو چەڵەمە لە سەر ڕێی ئەم دیوانەدا دیسان دیوانەکەمان سەر لە نوێ حرووفچینی کرد و ناردمان بۆ وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامی بۆ موجەویزی چاپ. بەڵام ئەوانیش چون کتێبەکە کوردی بوو. دە ساڵی تەواو هەر ڕۆژ بە بەهانەیەک ئیجازەی چاپی پیمان نەدا. هەتا لە گەڵ نوێنەریک مەجلیس بە ناوی سەیید فتح الە حوسەینی باسم کرد و ئەو بە هەستی لێپرسراوی ئیجازەی چاپی دیوانەکەی بۆمان دەرخست و ئینتشاراتی ئیحسان لە چاپی داو بەم شێوە بڵاومان کردەوە.

بەڵام هێشتا سەرجەمی بەرهەمەکانی باوکم لە م دیوانەدا کۆ نەکراوەتەوە کە هیوادارین بە یارمیەتی فەرهەنگ دۆستانی گەلەکەمان بتوانین ئەوانیش بە دیوانەکە زیاد بکەین. لێرەدا زۆر بە پێویست دەزانم بە خاڵێکی گرنگ ئاماژە بکەم، وە ئەو خاڵە ئەوەیە کە شێعرەکانی باوکم بە هۆی جەزابیەت و دڵڕەفێنی و خۆش ئاهەنگی لە سەر زار و بیرو هەست و زەوق زۆربەی شاعیرانی مەحەلی ناوچەکە و تەنانەت نەخوێندەواران ڕەنگدانەوە و کاریگەری زۆری هەبوو.

بە جۆرێ کە هەڵبەستەکانی ئەویان بۆ گەشەپێدانی بەرهەمەکانیان لە بەر دەکرد. و بۆ خەڵک دەیانخوێندەوە. یەکێ لەو کەسانە کە هۆگری زۆری بە کەسایەتی و شێعرەکانی باوکم بوو، میرزا لوتف الە سارۆخانیە کە زۆرێ لە بەرهەمەکانی میرزا ئەحمەدی داواشی لە بەر کردبوو بۆ خەڵک لە سەر شریت تۆماری دەکرد. بەڵام بەداخەوە ئەڵێت ئەم شێعرانە هی خۆمە! بۆ نمونە دوو مەنزوومەی تۆبە گورگ و حەجی ڕێوی و دەیان بەرهەمی دیکە.

کاتێ شێعرەکانی میرزا لوتف الە لە لایەن کاک غەفاری ئیبراهیمی «سارۆ» کۆ کرایەوە لە ناوچەکەدا بڵاو کرایەوە ئەم بەرهەمەم لە گەڵ دیوانەکەی میرزا ئەحمەدی داواشی بە وردی بەراورد و موتالەعە کرد، بۆم دەرکەوت کە زۆرێ لە شێعرەکانی باوکم بە ناوی میرزا لطف الە لە چاپ دراوە کە زۆرتر لە یەکسەد و هەشتا بەیت بوو هێندێ لەوانە دەقاودەق نووسراون و هێندیکیش بە بڕری گوڕانکاری لە نێو ئەو بەرهەمانە هانوون. جا ئەم کارەساتە رخنەی بنەماڵەی داواشی لە سەر بوو کە لە گەڵ ئاغەی غفار ئیبراهیمی وتوو وێژم کرد و ئەو ئیرادانم بە بەڵگەی ڕوون بۆ دیاری کرد. ناوبرا و هۆی ئەم تێکەڵاویەی ناشارەزای بە دیوانەکەی باوکم بەیان کرد کە بابەتەکانی زۆر و بەر بڵاون. پاش داوای لێبوردن لە بنەماڵەی داواشی لە کۆ بوونەوەیکدا بە بەشداری رەئیسی ئیرشادی ئیسلامی شاری جوانڕۆ کاک مەسعوود قادری و رئیسی زانستگای پەیام نوری جوانڕۆ دوکتوور موستەفا جوانڕودی وە غفار ئیبراهیمی وە موحەممەد رەحیمی و دوکتوور ئیرشاد ڕوستەمی و حوسەین موحەممەدی مامۆستای قوتابخانە وە خاتوون سعدیە موحەممەدی کارشناسی پایە بەرزی کتێبخانەی موحەممەد رسول ا... بڕیاردرا کە ئەو بەرهەمانە لە دیوانەکەی میرزا ئەحمەد بە شێعرەکانی میرزا لوتف الە زیاد کراوە بسڕێتەوە کە ئیمزای ئەم چەن کەسە لە سەری بڕیارنامەکە تۆمار کراوە. جا ئەو بەرهەمانەم بە پێی ژمارە ی لاپەڕە و بابەت بە تەواوی دەرهێناوە کە وەکوو سەنەدێکە بۆ ئاگاداری دەیخەمە پێش چاو . شایانی باسە کە شەهادەتی زانیارن و ئەدیبانی هاو چەرخی ژیانی باوکم بە جیاواز بە دەست و خەتی خۆیان سەبارەت بە دوو شێعری تۆبەی گورگ و حەجی ڕێوی کە بە ڕوونی سەلماندوویانە شێعری میرزا ئەحمەدی داواشیە.

جا پێویستە ئەو کەسانە کە بەرهەمی کەسێ کۆ دەکەنەوە لە سەر ئەو بەرهەمانە لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینە و ڕێک و پێک ئەنجام بدەن هەتا مافی ڕەوای زانایان و نووسەران و ئەدیبانی پێشووی گەلەکەمان کە زەحمەتی زۆریانکێشاوە پارێزراو بێ و هیچ کەسێ دەس درێژی و خەیانەت لە ئاسەواری کەسێکی دیکە نەکات.

ئەگەر بمانەوێ سەبارەت بە شێعرەکانی بە کورتی وتەیەک بڵێین کە بە ڕاستی مافی باس و بابەتەکەمان ڕاگەیاندبێ، ئەوەیە شێعرە کانی جوان و شیرین، خۆش ئاهەنگ و مەوزوون، دڵڕفێن و قەشەنگ، یەکپارچە و ڕەوان، بەلیغ ، سەهل مومتەنع وە لەیەک وشەدا جادووگەر و پڕحیکمەتن. کەمتر بەیتێ لە شێعرەکانی دەبینین کە لە سەنایع و ئارایەکانی ئەدەبی بێ بەش بێت. ئەو هەموو چەشن ئارایەکانی گرنگی لەفزی و مەعنەوی لە شێعرەکانیدا بە جوانی هێناوە کە چەند نموونە لەوانە دەخەینە پێش چاو:

جیناس: هەناسەم چـون دووی دەمـاوەن دەم دەم مـەخێزۆ دەم دەم لـە دەم وێنـەی تـەم

غلّو: یـەخ کـەردەن ئـاوان لـە ئـاە سـەردم زارم زویـــــــرم زەعـــــــیفم زەردم

تەشبیە: عەرعـــەر ئەنامـــەن بـــاڵا نەمامـــەن جەمین چون جامەن زڵف دەسـە دامـەن

ئیستعارە: زڵـف زەنجیـرێ وەن بژانـگ تیـرێ وەن بـۆ عـــەبیرێ وەن کـــوردە میـــرێ وەن

سیاپۆشـــــــەکەم سیاپۆشـــــــەکەم وەش ئامـای ئـەی مـای سیاپۆشـەکەم

گوڵ بۆی گوڵ ئەنـدام گـوڵ فرۆشـەکەم نەشـتەر دای لـە زام تـازە جۆشـەکەم

موبالیغە: قامەتم چون چۆی چەوگان چەم وەردەن چون ئەبرۆی ئازیز وەهـەم خـەم وەردەن

ئیغراق: بڵێسـەم بـەرزەن وە بـەرزی بـاڵات چوونـەن بـۆی بۆسـۆم نیـاوان وە لات

جەمع یا کۆ کردن: ئاویـەر چـادر غـەم لـە سـەر لابـەرد تـەم و هـەم و خـەم وەجـارێ بـا بـەرد

تەلمیح: ئەحمەد ئەو «سـەنعان» حـەفتا سـاڵەتەن نـامش سـەبت لـە لـەوح سـەرقەواڵەتەن

واجە ئارایی: ئەو کوو کووی کۆ کۆ کەوکەو ئـاوەردەن وەشـتەرەن جـەکۆ کـەو کـەواو کـەردەن

حەزف نوختە: سەراسـەر سـارای دڵـەی وەکـوڵم کـوڵ مـەدۆ وە کـوڵ لـە دووری گـوڵم

موعەمما: ئەگـەر عـاقڵی و عـەقڵت وەفامـە ئـەو گۆشـتە کامـە پۆسـتش لـە نامـە؟

پرسیار و وڵام : واتم: ئەی سەوزەی سەفای سەر کانی ڕەشتەی لەقای حەق حەیی سوبحانی

نەشەم کەر وە شەهد شیرەی کەلامت بفەرما چێشەن شوهرەت و نامت؟

وات: نامم «قەمەر» نازکێش نازم باز شکار کەرۆ دیدەی شابازم

ئیستیشهاد: شەکەر زوانیت لە حەد بیەن ڕەد وە زوان بەستی زوان «ئەحمەد»

ذو قافیەتەین: چین مەدۆ وە چین ئەگریجەی جەنگش کەرۆ وە پەرچین دیدەی قەشەنگش

مولەمەع: مەلا فتوای دا وە قەوڵ عەرەب لَعنَةُ اللهِ داخِلَ النّسَب

دیوانی ئەشعاری میرزا ئەحمەدی داواشی وەکوو باخێکی ڕازاوە و پڕ لە گوڵانی ڕەنگاورەنگ و خۆش عەتر و بۆیە کە هەر بوڵبوڵێ بە عەشقی گوڵێ لەو باخەدا غەزڵ خوانی دەکا وە بابەتەکانی بریتین لە: ئەدەبی، موناجات و پارانەوە مەدحی حەزرەتی موحەممەد درودی خوای لێ بێت، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، مۆچیاری، پەند و حیکمەت مێژوویی، عیرفان و خواناسی، تەنز، سروشت و دیمەنەکانی، موعەمما و شینگێڕی(چەمەری) و خۆشەویستی کە لە هەر کام لەوانە وێنەیەک پێشکەشتان دەکەم:

مۆچیاری: ڕەفیقی ناکەس مەکە زینهارەن ڕەفیقی ناکەس چون بازی مارەن

سەد ساڵ ناکەسێ بگێری وە دۆش هەر ئان بنیەریش کەردەن فەرامۆش

تەوسیفی سروشت: سپای گوڵاڵان پۆشان ڕوی زەمین بەهار دنیاش کەرد بە ڕەوزەی بەرین

خۆشەویستی: سیا پۆشەکەم سیا پۆشەکەم وەش ئامای ئەی مای سیا پۆشەکەم

شۆخم شیرینم شەکەر نۆشەکەم چون شەکەر وە شیر تازە جۆشەکەم

گوڵ بۆی گوڵ ئەندام گوڵ فرۆشەکەم نەشتەر دای لە زام تازە جۆشەکەم

بوستان فەزڵەن پڕ لە میوەی فام　　دانشەن پایەی بوزرگی و مەقام

زانست و زانیاری: ئارامش دنیا گشت بە دانشەن　　دنیای بێ دانش کەی ئارامشەن

میژوویی : بەو تەور تەقدیر کەرد سڕ سوبحانی　　هەڵگڕیا ئاگر جەنگ جەهانی

دوود دەمەی تۆپ بی و هەور شەڕ　　پۆشا ئاسمان دنیا پەڕ تا پەڕ

هیتلر لە ئەڵمان سەدر ئەعزەم بی　　شەڕ جۆی شەر ئاشۆی وێنەی ئەو کەم بی

کۆمەڵایەتی: مەڵهەم بەر پەی دەرد زامان کاری　　زام ساڕێش کەرە پەی یادگاری

پەردەی هەم و غەم وە هەم پارەکەر　　چارەی بێچارەی هەر بێچارە کەر

پێش بینی : جەنگی سێهەم شروع ئەوێ　　لە هوند و چین وقوع ئەوێ

نیشتمان: هەر کەسێ کوردی ئەسیل و ئەسڵە　　گیانی لە گەڵ خاک وەتەنیا وەسڵە

رامیاری: وکیڵم بۆ چەس زوڵم بمێنێ　　هەر ڕۆژ زاڵم گیان مەزڵووم بسێنێ

تووو خوا بڵانەم وازم لێ بیرە　　سەد وەکیڵ ئەژیت ئەم کەلەشێرە

پەند و حیکمەت: گۆش مەدەر وە حەرف دزان بۆ دزی　　تا خوەت نەوێنی وە خواری و کزی

ئامانەن عادەت وە درۆغگویی　　نەکەیت غەیر لە سدق ڕاسی و خوەشخۆیی

دیبای ئیحساسات پاکی بپۆشە　　دینت وە دینار وە کەس مەفرۆشە

یەکێ لە تایبەت مەندیەکانی شێعری میرزا ئەحمەدی داواشی ئەوەیە کەبڕێ لە بەرهەمەکانی وەکوو تۆبەی گورگ و حەجی ڕێوی و سەنگ تاش و حەزرەتی موسا و مەرگی شاهین و وتووێژ لە گەڵ قەڵای ڕۆخاوو رخنەی کۆمەڵایەتی بەشێوەی چیرۆکە شیعر وتووە کە بۆمان دەر ئەکەوێت هۆنەر سەرای شیعر وتن لە بۆاری چیرۆک نووسی دا دەستێکی باڵا و بیرو بۆ چوونێکی بەرز و تایبەتی هەبووە.

له کۆتایی باسەکەم جارێکی تر لە ناخی دڵەوە لە هەموو بە ڕێوەبەرانی بەڕێز و زەحمەت کێشی ئەم کونگرە بەشکۆهە و تەواوی مێوانانی ئازیز و خۆشەویست کە بە هاتنیان بەشداری گەرم و گوڕ نیشاندا سپاس و قەدردانی خۆم و بنەماڵەی میرزا ئەحمەدی داواشیتان پێشکەش دەکەم وە لە خودای مەزن سەر بەرزی و بەختەوەریتان داوا کارم.

حوسەین موحەممەدی داواشی

1402/12/22

سەرچاوەکان بۆ وتار:

١- دیوانی میرزا ئەحمەدی داواشی

٢- حەدیقە ی سولتانی دوکتور موحەممەد عەلی سولتانی

٣- شریتی ئە شعاری میرزا ئەحمەدی داواشی

٤- نەسیمی شاهۆ گوڵچینێ لە شێعرەکانی میرزا ئەحمەدی داواشی ، حبیب الە کریمی

٥- نامەکانی مامۆستا سەیید تاهێری هاشمی

٦- نامەکانی مامۆستا محی الدین صالحی

٧- نامەکانی مامۆستا شێخ موحەممەد سەعید نەقشبەندی

منابع :

۱- دیوان اشعار میرزا احمد داواشی

۲- حدیقه سلطانی – دکتر محمد علی سلطانی

۳- نوار کاست اشعار میرزا احمد داواشی

۴- نسیم شاهو – گولچینی از اشعار میزا احمد داواشی – حبیب اله کریمی

۵- نامه های ماموستا سید طاهر هاشمی

٦- نامه های ماموستا محی الدین صالحی

۷- نامه های ماموستا شیخ محمد سعید نقشبندی

مراجع :

١- ديوان شعر ميرزا أحمد الدواشي

٢- حديقة سلطاني - د. محمد علي سلطاني

٣- كاسيت قصائد ميرزا أحمد الدواشي

٤- نسيم شاهو - جولشيني من قصائد مزة أحمد الدواشي - حبيب الإله كريمي

٥- رسائل المعلم سيد طاهر الهاشمي

٦- رسائل المعلم محيي الدين الصالحي

٧- رسائل المعلم الشيخ محمد سعيد النقشبندي

References :

1- Divan of poems of Mirza Ahmad Dawashi

2- Hadiqeh Soltani - Dr. Mohammad Ali Soltani

3- Cassette of Mirza Ahmed Dawashi's poems

4- Nasim Shahu - Golchini of the poems of Meza Ahmad Dawashi - Habib Elah Karimi

5- Letters of teacher Seyyed Taher Hashemi

6- Letters of teacher Mohiuddin Salehi

7- Letters of teacher Sheikh Mohammad Saeed Naqshbandi